www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 11:07 29-11-2006

# لەبارەی عەلمانیەتەوە .. ن: موحسین عەبدولحەمید... و: عەبدولقادر عەلی - . بەشی دووەم و كۆتایی .

دوای ئەوە زۆر نووسەری تری مەسیحی و دورزی و نووسەری و موسوڵمانی پەروەردەكراوی دەستی ئەوانە دروست بوون، كە بانگخوازی دەوڵەتی عەلمانی بوون و خوازیاری جیاكردنەوەی ئاین بوون لە دەوڵەت، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر لایەنی پراكتیزەكردنی عەلمانیەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا، ئەوا دەبینین عەلمانیەت قەت بێلایەن نەبووە و هەرگیز بواری ئەوەی نەداوە ئیسلام بەهێزی خودی خۆی لە بواری عەقیدە و شەریعەت و ئەخلاقدا پێش بكەوێت، هەروەك هەرگیز رێگایان نەداوە بەوەی زانایانی ئیسلامی و كەسانی بانگخواز بە ئازادی هەرچی بە راستی بزانن بە تەواوی بە خەڵكی بگەیەنن. ئەو پراكیتزەكردنەی (عەلمانیەت) وەك ئەوەی پێشتر بەرنامەڕێژی بۆ كرابێت، خێرا بە هێرشكردنە سەر ئیسلام و پچڕاندنی پەیوەندی و كاریگەرییەكانی لەسەر كۆمەڵگا دەستی پێكرد تا نەتوانێت نەوەیەكی گۆشكراو بە پەروەردەی ئیسلام پێبگات، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەسەر هێڵێ دژ بە هەر هیوایەك بۆ رزگاربوون لەژێر دەسەڵاتی شارستانیەتی رۆژئاوا كەوا بەسەر گەلانی ناوچەكە و شارستانیەتی ئیسلامیدا سەپێنراوە و، بەردەوام لە هەوڵی فەوتاندن و لەریشەكێشكردنی ئیسلامدایە، ئەم دژایەتییەش هەر لە سەردەمی (ئیتیحاد و تەرەقی و مستەفا كەمال) ـەوە دیارە.

ئەو (ئیتیحاد و تەرەقی) یەی كە حیزبێكی دژ بەدینیی ماسۆنی بوو، زۆربەی سەركردەكانی لە جولەكەی (دەۆنمە) بوون، كە دواتر لە رووخانی خەلافەتدا رۆڵی مەترسیداریان گێڕا.

(مستەفا كەمال) یش هەر ئەوەندەی وڵات ئارام بووەوە و كەش و هەوای بۆ رەخسا، هەستا بە جێبەجێكردنی بڕیارەكانی پەیماننامەی (لۆزان) و خەلافەتی هەڵوەشاند و، كەوتە دەستبەسەراگرتنی زەوی و زاری (ئەوقاف) و قەدەغەكردنی خوێندنی قورئان بە زمانی عەرەبی و گۆڕینی پیتی نووسینی توركی لە عەرەبییەوە بۆ لاتینی، ئەمەش بە بیانووی چاكسازیی نووسین، بەڵام پچڕاندنی توركیای بە مێژووی ئیسلامەوە مەبەست بوو. چالاكیی ئیسلامیی قەدەغە كرد و بانگی گۆڕی بە زمانی توركی، مزگەوتەكانی كرد بە گەنجینە و مۆزەخانە و، بە دەستی ئاگر و ئاسن كەوتە گیانی نەیارانی كە زانایانی ئیسلام بوون و بەندیخانەی لێ پڕ كردن و بەرەو پەتی سێدارەی بردن. دژایەتیكردنی ئیسلام و موسوڵمانان بە رادەیەك گەیشت كە دائیرەتولمەعاریفی رەسمی توركی بە ئاشكرا دژایەتیی ئەوە بكات كە زاتی پەروەردگار (اللە) بوونی نییە!! ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم بێ دینییە بەسەر قۆناغەكانی خوێندنیشدا سەپێنرا، هێرشكردنە سەر قورئان و كەسایەتیی پێغەمبەر (د. خ) بە ئاشكرا بوو بە بەشێك لە قۆناغەكانی خوێندن، بەمەش قەناعەتیان نەكرد و فەلسەفەی مادەیان كردە بەشێك لە قۆناغەكانی ساڵی یەكەمی ناوەندی تا زیاتر بێباوەڕی بڵاو بكەنەوە و شەریعەتی ئیسلام بە كۆنەپەرست و دواكەوتوو لەقەڵەم بدەن و، لە دادگاش شەریعەتی ئیسلامیان لابرد و یاسای سویسرییان خستە جێگای. لە هەموو ئەمانە سەیرتر.. سەپاندنی شەبقەی ئەورووپی بە یاسا و سزادان و، ژیانی كۆمەڵایەتیشیان بەرەو بەرەڵایی و رێخۆشكردن بۆ بەدڕەوشتی دەستكاری كرد.

هەمان جۆر لە سەپاندنی عەلمانیەتی توركی تا رادەیەكی زۆر لە (تونس) یش دووبارەیان كردەوە، دژایەتیكردنی هەموو چالاكییەكی ئیسلامی خاڵی هاوبەشی هەردوولا بوو. (حەبیب بورقیبە) ی سەرۆك كۆمار لە بەیەككگەیشتنی جیهانی بۆ خۆرۆشنبیری وەك وتاربێژێك هەستا و وتی: "قورئان هێندە دژایەتیی یەكتری تیایە كە عەقڵ قەبوڵی ناكات. پێغەمبەر (محەمەد) كەسێكی سادە بوو و زۆر بە بیاباندا سەفەری دەكرد، گوێی لە ئەفسانەی باوی ئەو سەردەمە دەگرت، ئەو ئەفسانانەشی گوێزایەوە بۆ ناو قورئان، وەك عەسای موسا و (ایٔحاب الكهف) !! پێغەمبەر (محەمەد) رازی بووە لەسەر ئەوەی عەرەب هەر بتپەرست بێت"!!!

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بیروباوەڕ و تێڕوانینی عەرەبەکان، ئەوا دەبینین هیچیان خاوەنی هیچی خۆیان نین و تەنها قسەی رۆژئاواییەکان دووبارە دەکەنەوە.

* (سەلامە موسا) لە کتێبی (ئەمڕۆ و سبەینێ) دا دەڵێت:"من بە رۆژهەڵات بێ باوەڕم و بە رۆژئاوا باوەڕدارم، پێویستە ئێمە لە ئاسیا دەربچین و خۆمان بە ئەوروپاوە ببەستینەوە بە بەستنەوەیەکی توند، لەگەڵ کوڕ و کچیان هاوسەرگیری بکەین و هەرچی شتی داهێنراو و تازەیانە سودی لێ وەرگرین، لەگەڵ ئەواندا لە رووی پیشەسازی و دوایی کۆمەڵایەتییەوە پێش بکەوین، وا بکەین ئەدەب و ویژەمان هەمان جۆری ئەوان بێت، نەك خۆمان فەلسەفەی خۆمان وەك فەلسەفەی ئەوان لێ بکەین و داب و نەریتمان بکەینە داب و نەریتی ئەوان".

* (جۆرج مغیزل) دەڵێ: "پێویستە حکومەت ئیعتراف بە هیچ ئایینێك نەکات و سۆزی بۆ هیچ ئایینێکی تایبەت نەجوڵێت، یان یارمەتیی ئایینێك بدات. پێویستە هەموو ئایینێك بە هێزی خودی خۆی بێتە سەر و یارمەتیی دەوڵەتی نەدرێتێ، چونکە ئەگەر یارمەتیی یەکێکیان بدات، ئەوا بە یەکسانی بۆ ئایینەکانی نەڕوانیوە".

* (شبلی العسیمی) دەڵێ:" پێویستە هەموو گرێبەندێکی تێکهەڵکێشبوونی نێوان دەسەڵاتی کاتی و ئایین بکرێتەوە و، نەهێڵرێت پیاوانی ئایین بەشداریی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگا بکەن و، را و بۆچوونی خۆیان بە بیانووی ئایین و بەهای باڵا و کەلامی پیرۆزەوە بسەپێنن، پێویستە دەوڵەت لەئاست ئاییندا بێلایەن بێت و ئایین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە.

ئایا جیهانی ئیسلامی پێویستی بە عەلمانیەت بوو؟!

لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین کە جیهانی ئیسلامی پێویستی بە عەلمانیەت نییە، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1- شارستانیەتی ئیسلامی بەو شەریعەت و بیروباوەڕ و هاوسەنگ ڕاگرتنە ئەخلاقییەی قەت شارسیتانیەتێکی دۆخی نەبووە، تا پێی وابێت شوێنی مرۆڤ لە ئاسمان بێت نەك لە زەوی، بەڵکو شارستانیەتێکی ماددی بووە و لەژێر رۆشنایی ئامـاژەکانی قورئاندا هەنگاوی ناوە و سەر زەویی ئاوەدان کردۆتەوە. لەو پێودانگەوە سەر زەویی ئاوەدان کردۆتەوە، کە مرۆڤ جێنشینی پەروەردگارە لەسەر زەوی، ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی زەوی و بنیادنانی بزاڤی مادەیە.

2- ئیسلام خاوەنی شەریعەتێکی هاوسەنگە و، لە بنەما و یاسا و لە سیستمەکانیدا پشت بە وەحی خوایی دەبەستێت، نەك راڤە و بۆچوون و رای زانایان.

واتە دوو لایەنی هەیە: لایەنێکی جێگیر و قسە لەسەرنەکراو، کە (وحی) یە. لایەنی دووەم لایەنی فراوان و جوڵەیە، کە پشت بە ژیان و (اجتهاد) دەبەستێت، ئەمەش تایبەت نییە بە کات و شوێنێکی دیاریکراو و، دەشێت لە هەر کات و شوێنێکی جیاوازدا لەژێر رۆشنایی تێگەیشتنی (ایولی) و بەرژەوەندیی ئوممەت لە رێڕەوی شارستانیەتدا چاوی پێدا بخشێنرێتەوە.

بەڵام ئەم مەسیحیەتەی لە رۆژئاوادا عەلمانیەتی بەدوای خۆیدا کێش کرد، هیچکام خاوەنی شەریعەتێکی جێگیر و بنەمایەکی وا نەبووە کە (وحی) لە پشت بێت، بەڵکو هەروەك ئامـاژەمان پێ دا.. لە بواری مەعریفە و زانستی گەردوونیدا پشتی بە قسە و را و بۆچوونی ناڕاست بەست، کە کۆن بووبوون و ناڕاستیش بوون، دوای ئەوەی زانست ناڕاستیی قسەکانی کەنیسەی سەلماند، ئەمانیش هەستان بە کافرکردنی ئەو جۆرە بیروباوەڕانە.

سێیەم/ لە میانەی ئەو مێژووە دوور و درێژەی ئیسلام هیچ شتێکی وا بەرچاو ناکەوێت کە ناوی دژایەتیکردنی ئایین و زانست بێت، ئەمەش قەت دروست نابێت، چونکە لە ئیسلامدا (وحدە المعرفە ـ یەکەی مەعریفە) کامڵە و ناتەواویی تیا نییە، کەواتە هیچ جیاوازییەك و دژایەتییەك لەنێوان

ئیسلامی و زانست و ئیسلام و دەرەنجامی عەقڵی دورست نایەتە پێش، چونکە ئیسلام لە بنەما و (ائێول) و هەڵوێستەکانی لەبەردەم گەردووندا پشت بە زانست و فەلسەفەی دروست دەبەستێت، ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیش باشترین شایەتن، لەژێر رۆشنایی ئەودا موسوڵمانان قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیان پەرە پێدا بەشدارێکی باش و بەرچاوی پێشکەوتنی زانستی بوارەکانی گەردوون، بیرکاری، فیزیا، کیمیا، زانستی سروشتی، پزیشکی، فەلسەفە، ئەدەب، جوگرافیا، مێژوو و کۆمەڵناسی ئاوەدانی بوون، لەبەرئەوە ئیسلام لە هیچ سەردەمێکدا روبەڕووی ئەوە نەوەستاوە کە سود لە هەر شارستانیەتێکی تر وەربگرێت، بەتایبەت لە بوارەکانی زانست و رێکخستندا، تەنانەت لە زانستی مرۆییشدا، چونکە بە درێژایی مێژوو شارستانیەتی ئیسلامی شارستانیەتێکی کراوە بووە، بەڵام مەسیحیەت هەرگیز لەگەڵ ئاینەکانی تردا بگرە لەگەڵ مەزهەبە مەسیحییەکانی تری مەسیحی هەڵوێستی باش نەبووە، بەڵکو بەوە ناسراوە کە هەڵوێستی توندوتیژ و چەوساندنەوە و خوێنڕێژی و دادگای تەفتیش بووە، ئەمەش چەند سەدەیەکی پێ چوو، تا داواکاریی ئەوە کرا کە کەنیسە دەست لە سەر کۆمەڵگا هەڵبگرێت و ئەو ململانێیە واز لێ بهێنێت و دەسەڵاتی کاتی بەجێ بهێڵێت.

بەڵام ئیسلام ئەم مەسەلەیەی بە شێوەیەکی ریشەیی چارە کرد و کاتێك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (لا إكْرَاهَ فى الدِّين قَدْ تَبَيّنَ الرُّشْدُ منْ الغَىِّ) (البقره/256) هەروەها (لا يَنْهَاكُمْ اللَّهُ عَنْ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتلُوكُمْ فى الدِّين ولَمْ يُخْرجُوكُمْ منْ ديَارِكُمْ رَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسطُوا إلَيْهمْ إنَّ اللَّهَ يُحبُّ الْمُقْسطينَ (8) إنَّمَا يَنْهَاكُمْ اللَّهُ عَنْ الَّذينَ قَاتَلُوكُمْ فى الدِّين وَرَخْرَجُوكُمْ منْ ديَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إخْرَاجكُمْ رَنْ تَوَلَّوْهُمْ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ فَرُوْلَئكَ هُمْ الظَالمُونَ) (الممتحنه/8 – 9) لەبەرئەوە مافی کەمایەتییە ئاینییەکان پارێزراوە و جێگیرە، هەرگیز کەمایەتییە ئاینییەکان روبەڕووی کوشتوبڕی دەستەجەمعی و جینۆساید نەبوونەتەوە وەکو ئەوەی کە لە ئەوروپادا رووی داوە.

(ئادەم متز) دەڵێ: بوونی مەسیحییەکان لەناو موسوڵماناندا، بووە هۆی دەرکەوتنی چەمکی لێبوردەیی، کە چاکسازی داوایان دەکرد.

* لە شەریعەتی ئیسلامدا هیچ باسی ئەوە نەکراوە کە کەمایەتییە ئاینییەکان دەرگای کار و ئیشیان بە روودا داخرێت و هەڵاوێردرێن. ئەگەر سەیری مێژوو بکەین دەبینین بە پێچەوانەوە.. رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە هەندێ پیشەسازیدا، کە قازانجی زۆری لێ بەرهەم هاتوو، لەوانە پزیشکی، زێڕنگەری، بازرگانی و... بەڵکو ئەوان هەر خۆیان لەناو خۆیاندا کارەکانیان بەش کردبوو بێ ئەوەی کەس دەست لە کاریان وەربدات، بۆ نموونە جولەکەکان خوویان لە زێڕنگەری بوو، مەسیحییەکانیش لە پزیشکی لەپێشەوە بوون.

* حکومەتی ئیسلامی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە چۆنێتیی ئەنجامدانی پەرستشی تایبەت بەخۆیانەوە نەبوو.

ئەگەر لە ئابووریی ئیسلامی ورد ببینەوە، دەبینین کە چاودێریی بەرژەوەندیی ئوممەت دەکات، ناهێڵێت مرۆڤ مافی برای مرۆڤی پێشێل بکات، بۆیە بە درێژایی مێژووی ئیسلامی ململانێ لە نێوان حکومەت و جەماوەردا رووی نەداوە و لە مێژووی ئیسلامیدا ئەوە بەرچاو ناکەوێت کە زانایان پاڵیان دابێتە لای زاڵم و دەسەڵاتدارانی سەرکوتکار و دژ بەجەماوەر قسەیان کردبێت، هەروەك ئەوەی لە ئەوروپادا قەشەکان دژ بە چەوساوە و هەژاران دەوەستانەوە، بۆ نموونە لە خوێندنەوەیەکی سەرپێیی کتێبی (الخراج) ی (ئیمام ئەبو یوسف) دا ئەمە بەرچاو دەکەوێت، کە تیایدا خەلیفە ئاگادار دەکاتەوە کە زوڵم نەکات و رێچکەی ئەوانە نەگرێت کە دەستدرێژی دەکەنە سەر مافی خەڵکی. سەیر کە چۆن پێی دەڵێت: (ئاگات لە جەماوەر بێت و مافیان نەفەوتێنیت، خوای گەورە تۆڵەی ئەوانت لێ دەسێنێت و دەتفەوتێنێت، هەروەك چۆن مافی ئەوان دەفەوتێت) .

هەروەها دەڵێت: (زوڵمی دەسەڵاتدار تیاچوونی جەماوەری لەدواوەیە، گەر لە کار و کردەوەتدا پشت بە خەڵکی شارەزا و باوەڕپێکراو نەبەستیت، ئەوا خەڵك هەموو تیادەچن) .
دەوڵەتی ئیسلامی بە مانای وشە دەوڵەتی ئایینی (کهنوتی) تیۆکراتی نییە، بەڵکو دەوڵەتێکی مەدەنی دەستورییە، دەسەڵاتدارانی شەرعیەت جێبەجێ دەکەن.
کەس ناتوانێت هەروەك کۆمەڵێك زاناش ناتوانن (اجتهاد) ی خۆیان بسەپێنن، بەڵکو پێویستە ئەنجومەنی شورا ـ یان نوێنەرانی گەل ـ ئەم باسە تاوتوێ بکەن و بەپێی یاساکانی (اجتهاد) بەرخوردی لەگەڵ بکەن، ئەمەش لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتیی جەماوەردا دەبێت و راکانیش بە زۆرینەی دەنگ پەسەند دەکرێن، هەریەك لەو رایانە دەدرێتە لیژنەیەکی پسپۆڕی هونەری وەکو سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، راگەیاندن، پەروەردە و فێرکردن، بەرگری و... هتد، کەواتە ناکرێت دەوڵەتی ئیسلامی بە دەوڵەتی کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاست بەراورد بکەیت، لەبەرئەوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەتی ئیسلامی خۆیان بە نوێنەرانی خوا نازانن، بەڵکو نوێنەری میللەتن و یاسای ئیسلامی جێبەجێ دەکەن.
دەرەنجامەکانی پراکتیزەکردنی عەلمانیەت لە جیهانی ئیسلامیدا:
پراکتیزەکردنی عەلمانیەت لە جیهانی ئیسلامیدا دەرەنجامی زۆر مەترسیداری لێ کەوتەوە، کە کاریگەریی بەرچاوی هەبوو لە دواکەوتن و تێکشکاندنی بونیادی کۆمەڵگادا، کە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکەین:
1-عەلمانییەکان گوێیان نەدایە رەسەنایەتی و ناسنامەی ئیسلامیی جەماوەر، کە ئەمە پاێزگاری تایبەمەندی و شارستانیەتە و هەموو هێڵەکانی ژیانیان پچڕاند، واتە ئەوان ویستیان بەو نەخشەی خۆیان (کۆن) برووخێنن، بەڵام نەیانتوانی (تازە) بێنن، کۆنیان نەویست و تازەشیان پێ نەبوو. ریشەکێشکردنی ئیسلام ـ کە بە هەناوی ویژدانی کۆمەڵگادا چووەتە خوار ـ مەحاڵە.
ئەمەش وای کرد نەتوانن ریشەکێشی بکەن، بەڵام توانییان نەوەی داهاتوو دوچاری سەرلێتێکچوونی فیکری بکەن و لە بواری ئەخلاقیی کۆمەڵگادا شڵەژان دروست بکەن، ئەمەش دەرەنجامی لە سکە دەرچوون و هەڵوەشانی کۆمەڵایەتیی هێنایە بەرهەم.
2- هەرچی توانییان و پێیان کرا، درێغییان نەکرد لە شکاندنی پیرۆزیی دەوری بیروباوڕ و عەقیدەی نەوەی نوی، تا نەتوانن لەسەریەك بنەما و رێسای دروست یەکگیر بن، بۆ ئەوەی لەوێوە هەنگاوی دروست نەنێن بۆ ژیان، لەجیاتی ئەوە برەویان بە فیکر و قوتابخانە رۆژئاواییەکان دا، کە پڕە لە دژایەتی و ململانێ و تێکشکاندن، ئەم کەش و هەوایە خۆشیانی گرتەوە بەوەی چەندین قوتابخانەی عەلمانی هاتە گۆڕێ کە بەدوای تێرکردنی بەرژەوەندییە کەسییەکاندا هەڵپەیان بوو و بە هیچ جۆرێك ئاوڕیان بەلای ژیان و بەرژەوەندیی خاك و خەڵکیدا نەدەدایەوە، لەبەرئەوەی ئەو قوتابخانە فیکرییانەی ئەوان سەرچاوەی هەریەکەیان لە وڵاتێکەوە بوو، ئەوا ئەمان بە ئاشکرا و نەهێنی کەوتنە پەیوەندیی گرنگ لەگەڵیاندا، لە حاڵەتی ترسان لە راپەڕینی جەماوەری ئەو وڵاتەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی دەهاتە ناوەوە، واتە عەلمانیەت وەك ئەوەی دوێنێ دەستبەرداری ژیاری ئیسلامی بوو، ئەوا ئەمڕۆ سەربەخۆییشیان لەدەست دا.
3- عەلمانیەت بەهۆی ئەو پشتگیری و هاندانەی وڵاتانی رۆژئاوا بەردەوام خەریکی گواستنەوەی رۆشنبیری و کولتور و هونەر و لایەنی کۆمەڵایەتیی ژیانی رۆژئاوایە، کە ئەمەش لای نەوەی نوێ کاڵبوونەوەی خاڵی ئەخلاقی و گیانی نامەسئولیەتی بەدوای خۆیدا کێش کرد، دەرەنجامی ئەمەش لە رووی فیکرییەوە بە رۆژئاوا سەرسام بوون و لە پنتی ئەخلاقیشەوە هەڵوەشان و داڕمانی بەدەستەوە دا،

بۆیە نەوەیەك هاتەپێش، كە ئەو چەمكانەی سەدان ساڵ بوو باوك و باپیری لەسەر گۆش كرابوو، لای ئەم كاڵ بووەوە.

4- بەهۆی لاساییكردنەوەی رۆژئاواوە عەلمانیەت لەلای ئێمە لە رەسەنایەتی و هەست بەخۆكردنەوە دەستیان پێ نەكرد و گوێشیان نەدا بەو نەخشە ورد و زانستییەی كە هاوڕا و هاودەمی جەماوەرە و هەر لەلای ئەویشەوە هەڵقوڵاوە، بەڵكو خاڵی گەشەپێكردن و پەرەپێدانیان لە رۆژئاواوە وەرگرت و بە بی هیچ لەبەرچاوگرتنێكی جیاوازیی نێوان كۆمەڵگای موسوڵمانی رۆژهەلات و كۆمەڵگای مەسیحیی رۆژئاوا كەوتنە پراكتیزەكردنی، ئەمەش دەرەنجامێكی سەقەت و ئیفلیجی بەدەستەوە دا، ئەم ئیفلیجبوونەش شتێكی چاوەڕوانكراو بوو، چونكە عەلمانیەت گوتاری دەرەوەیە و هەڵقوڵاوی ویژدانی میللی نییە.

5- عەلمانیەت و ئەو فیكرە رۆژئاواییە پاڵی پێوە داوە سیاسەتێكی ئابووریی دەستبڵاوی گرتە بەر، كە ئەمەش لە میانەی بایەخدان بە جوانكاری و (تحسینیات) و پشت هەڵكردن لە خاڵە زەرور و پێداویسییە سەرەكییەكان دەردەكەوێت، بە تایبەت (تحسینیات) ی حەرام، ئەمە لەلایەك.. لەلایەكی ترەوە دەستبڵاوی و ئیسرافكردن لە ئیدارەی دەسەڵاتدا، ئەمەش لە راگەیاندن و پڕوپاگەندەدا بۆ بەردەوامیی مانەوەیە لە سوپا و دامەزراوەی چەكداریدا، كە بۆ گرنتیی لەدەستنەدانی دەسەڵات بەرچاو دەكەوێت، بەمەش سامانێكی زۆریان بەفیڕۆ دا.

بەرامبەر بەمەش كەرتەكانی پەروەردە، تەندروستی، پیشەسازی، كشتوكاڵ، بازرگانی و... هتد بەدەست كەمدەرامەتی و كەم بودجەییەوە پەكیان كەوت.

6- عەلمانیەتی جیهانی ئیسلامی نەیتوانی پارێزگاری لە عەلمانیەت بكات و جوان نیشانی بدات، وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە رۆژئاوادا دەیبینین لە بوونی دیموكراسیی راستەقینە، بەمەش رێگایان دا ئیسلامییەكان بە ئازادی نەوەیەك لەسەر بیروباوەڕی بەرز و بەهای باڵا و خواستەكانی شەریعەت پەروەردە بكەن، بەڵكو رێگای ململانێ و سەركوت و رێگەگرتنیان گرتە بەر و، هانی دەزگا رۆشنبیری و پەروەردەیی و راگەیاندنەكانیان دا تا ئەوەندەی پێیان دەكرێت جەماوەر لە ئیسلام دوور بخەنەوە، واتە ئاڵای ئازادییان تەنها بە باڵای خۆیان رەوا بینی تا چییان بوێت و چی بكەن لە بەرامبەردا زانایان و بانگخوازان لە سفرەی ئازادی بێبەش كران، ئەگەر مێژووی ململانێی ئەو جۆرە حكومەتانە هەڵدەینەوە، دەبینین لە گرتن و سەركوت و زیندانی زیاتر هیچی تریان نییە.

سەرچاوە: (یراع الافكار فی مجتمع الاسلامی)، چاپی یەكەم / 1998.